# به بۆنەی ڕۆژی سزادانی تاوانبارانی ئەنفالەوە

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**

2007-6-24 لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا، ڕۆژێکی چارەنوس ساز دەبێت، لەو ڕۆژەدا دادگای باڵای تاوانەکانی کۆماری عراقی فیدراڵ، سزا بەسەر ئەو بەرپرسانەی ڕژێمی پێشووی عراقدا دەسەپێنێ کە کارەساتی ئەنفالیان ئەنجام داوە. ئەگەر بێتوو ئەم سزایە حکومەتی ئەو کاتەی عراق بگرێتەوە و دادگا بڕیار بدات رژێمی ئەو کاتەی عراق تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژی گەلی کورد ئەنجام داوە، گەلی کورد لە دادگای ئەنفالدا، سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ. ئەگەر بێت و سزاکە بە تەنها چەند تاوانبارێکی کارەساتی ئەنفالی سەردەمی حکومەتی سەدام بگرێتەوە، دەوڵەتی عراقی ئەو کاتە بە بکەری کارەساتی ئەنفال نەناسرێت، ئەنفال وەك جینۆساید ناناسرێت و لەم دادگاییکردنەدا کورد سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

لەم بۆنەیەدا، ئەوەی بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی پڕ لە کێشەی نەتەوەیی گرنگە، ئەبێ بزانن ڕیشەی کارەساتێکی جەرگبڕی وەك ئەنفال لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی عراق و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر گرنگە، ئەزمون لە کارەساتی ئەنفال وەربگرن و جارێکی تر دووبارەی نەکەنەوە. ئەوەی بۆ گەلی کورد گرنگە ، تێکۆشانی بێ وچانی شارستانی و دیموکرتی بەردەوام بکات، تا زۆرترین سوود لە کارەسات و دادگایی ئەنفال وەربگرێت و لە رێگەی کارەساتی ئەنفالەوە هەوڵی چارەسەری سیاسیانەی کێشە ئاڵۆزەکەی بدات.

ڕیشەی پرۆسەکانی ئەنفالی ساڵی 1988، لە هزری نەتوەپەرستی(شۆڤینی) و فاشیستی بەعسیە دەسەڵاتدارەکانی عراق و ساویلکەیی سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو هزرانە تا ئەمرۆش زیندون و لەگەڵ چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەکاندا سەرەتاتکێ دەکەن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی عراق ئاستەنگی بۆ بە جینۆسایدکردنی کارەساتی ئەنفال درووست دەکەن، ئەوە نیشانەی بە چالاك مانەوەی ئەو چەمکە شۆڤینیەیە کە بەعسیەکان هەڵیانکرتبوو، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد لە عراق و لە کوردستان وەك پێویست کار بۆ جینۆسایدکردنی ئەنفال ناکەن، ئەوە نیشانەی بەردەوامی چەمکی ساویلکەییە کە بووە بە ناسنامەیەکی گەلی کورد. بۆ لە بنەوە هەڵکێشانی ڕیشەی ئەنفال، بۆ ڕێگە گرتن لە دوبارەبونەوەی ئەو کارەساتە، پەروەردەی ئایدۆلۆژی و تێ کۆشانی یاسایی و دیموکراتی بۆ هەموو پێکهاتەیەك  پێویستن،

هەر هەموو دەسەڵاتدارانی پێشووی دەوڵەتی عراق و کوردستان، لە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستاندا ئازاری سیاسی و ئەخلاقی و ویژدانیان چێشت، ئەوە کارەساتی ئەنفال و چەند کارەساتێکی تری وەك ئەنفال بوون رژێمی سەدامیان ڕووخاند و هزری نەتەوە پەرستی بەعسیان لە گۆڕنا. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ و ئایندەی عراقیش تا ماوەیەکی زۆر بەو دەردانەوە دەناڵێنن، بۆیە گرنگە بۆ هەموو تاك وپێکهاتەیەکی دەسەڵات، خۆی لە هزری نەتەوەپەرستی رزگار بکات، ویژدانی زیندووبکاتەوە، پێوانەکانی ئەخلاق و بنەماکانی سیستەمی دیمۆکراسی بۆ سیاسەتی کوردستان و عراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست بگێڕێتەوە و سوود لە پەندەکانی مێژوو وەربگرێت.

گەلی کورد لە کاتی کارەساتەکانی ئەنفال و کارەساتەکانی تردا، زەرەرمەندی سەرەکی بووە، ئەبێ ئەو زیانە گیانی و مادی و سیاسیانە پاڵ بە گەلەوە بنێن، ببێتە خاوەنی ئیرادەی ئازادی خۆی، بۆ بە دەستخستنی ئامانجەکانی نابێ هەموو کاتێك پشت بە دەسەڵات ببەستێ. ئەبێ گەل کار بۆ ئەوە بکات جارێکی تر کارەساتی وەك ئەنفالی بە سەردا نەیەتەوە، ئەبێ کورد خۆی بگەیەنێتە ئاستێك، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سوود لە کارەساتی ئەنفال وەربگرێت.

2007-6-23